ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی چین بە سێیەم ساڵ لەسەر یەک لە دابەزین دایە

ساڵی رابردوو 2024 ژمارەی دانیشتوانی چین بە سێیەم ساڵ لەسەر یەک دابەزیوە، ئەمەش ئاماژە بە کەشی دیمەگرافی چین دەکات لەوانە پیربوونی دانیشتووان و کەمبوونی لەدایکبووان.

تا کۆتایی ساڵی 2024ـی ڕابردوو، دانیشتوانی وڵاتی چین گەیشتە یەک ملیار و 408 ملیۆن کەس، ئەمەش بە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان بەراورد بە ساڵی پێشتر، بە 1.39 ملیۆن کەس، لە وڵاتی چین کە دووەم گەورەترین دانیشتوانی لە جیهان هەیە دوای هیندستان.

ئەو ئامارانەی کە حکومەتی چین ڕایگەیاندووە، هاوتایە لەگەڵ ئاماژەی جیهانی، بەتایبەتی لە ژمارەی وڵاتانی وەک ژاپۆن، کۆریای باشوور، هۆنگ کۆنگ و لە چەند وڵاتێکی دیکە ژمارەی لەدایکبوون دابەزیووە.

شایەنی باسە، ئەمە سێ ساڵە لەدوای یەک وڵاتی چین چووە پاڵ ژاپۆن و زۆربەی وڵاتنی ژمارەی وڵاتانی ئاسیا کە ژمارەی دانیشتووانی لە کەمبوونەوەدانە.